# تایبەتی کۆنگرەی شەشەم

کەریمی حسامی

ریبەندانی ۱۳٦۳
ژانویە ۱۹۸۵

# تایبەتی کۆنگرەی شەشەم

کەریمی حسامی

هەواڵنامەی کتێب

ڕیبەندانی ١٣٦٣
ژانویە ١٩٨٥

## تایبەت بۆ ئەندامانی حیزب

دووی ڕێبەندانی ئەمساڵ ۳۹ ساڵ بەسەر دامەزرانی کۆماری دیموکراتی کوردستاندا هەڵدەوەڵێن دەسەڵاتی سیاسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و هەڵدەوەڵێن ئەستێرەی پرشنگداری عاسمانی کوردستاندا ڕادەبرێ. لە کاتێکدا پڕ بە دڵ لە گشت ئەندامانی حیزبی دیموکرات و لە پێشمەرگە قارەمانەکان و لە هەموو زەحمەتکێشانی کوردستان پیرۆزبایی دەکەم هەر لەو کاتەشدا بە پێویستی دەزانم بە بۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر کونگرەی شەشی حیزبی دیموکراتدا بە کورتی لە ڕەوتی کارەسات و ڕووداوەکانی دوای کونگرە و نێوەرۆکی ڕاپۆرت و بڕیارەکانی بکۆڵمەوە. شتێکی زۆر ئاساییە کاتێك لە نێو حیزبێکدا ڕێگای ڕەخنە و خەباتی نێوخۆی حیزبی بگیری و هەموو بیر و ڕایەك بە تۆمەت و بوختان و هەڕەشە سەرکوت و کپ بکرێ و وەلامی ڕەخنە و پرسیار و بیروڕای جیاواز بە حەپەس و دەرکردن بدرێتەوە، ئەندامانی حیزب و تێکۆشەرانی سیاسی بۆ خەباتی ئیدەئۆلۆژی ڕێگای دیکە هەڵدەبژێرن و خەبات درێژە پێ دەدەن.

کونگرەی شەشی حیزبی دیموکرات لە هەلومەرجێکی دژوار و تایبەتدا بەسترا. لە هەلومەرجێکدا کە دوژمنی خوێنڕێژ، ئەرتەش و پاسدارانی ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی پەلاماری هەموو لایەنەی بۆسەر کوردستان و گەلی کورد دەست پێکرد بوو وای دەنواند کە ئیتر مەسەلەی کورد تەواو بووە. بەستنی کونگرە و بەشداری نوێنەران و پاراستنی شوێن و هەلکەوتی کونگرە لەلایەن پێشمەرگە قارەمانەکانەوە جێگای دەستخۆشانە و لە دەمدانی وتەوێژ و دەزگای تەبلیغاتی فرو فیشالی ڕێژیمی دژی گەلی کۆماری ئیسلامی بوون کە دەیگوت لە کوردستان هیچ مەسەلەیەك نەماوە.

ئەم بەشە جێگای باس نیە و هەڵسوورێنەرانی کونگرە هەقیانە خۆی پێوە ڕا بنێن. بەلام با بزانین ئاکام و نەتیجەی کونگرە لە هەلومەرجی کوردستاندا چەندە بە قازانجی جووڵانەوەی کورد و یەکیتی ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران تەواو بووە؟

چەند مانگ پێش بەستنی کونگرەی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکرات کاک خالیدی عەزیزی کردە مەعمور تا بە نێو ڕێکخراوەکانی حیزبدا بگەڕێ و کەم و کوڕی و ناتەواویەکانی حیزب دەستنیشان بکا و لێیان بکۆڵێتەوە و پوختە و بژاردەی بیروڕاو لێکۆلینەوەکانی بداتەوە بە دەفتەری سیاسی.

کاک خالیدی عەزیزی کە کادرێکی کاراو تێگەیشتووی کۆمەڵە بوو پاش ئەوەکە ڕچەو ڕێبازی کۆمەڵەی بە سۆگەلی کورد بەچەوت زانیبوو لە کۆمەڵە هاتبوە دەر و هاوکاری حیزبی دیموکراتی هەڵبژارد بوو. بەلام هێشتا نەببوە ئەندام و دەبوایە شەش مانگ دەورەی تاقیکردنەوە ببڕێ.

کاک خالید پاش ماوەیەك سووڕانەوە ڕاپۆرتی لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی کاری خۆی لە بارەی نێوەڕۆك و تێکەڵی تەشکیلاتی و ڕوانگەی جیوازیی فیکری و بیروباوەڕی سیاسی و فەلسەفی و کۆمەلایەتیی چین و تاقم و دەستە و ئەفرادی جۆر بە جۆری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی لە نامیلکەیەکی بیست لاپەڕەیی دا وەك نووسراوەیەکی نێو خۆیی کۆکرد بووەوە دا بووی بە دەفتەری سیاسی.

هەرچەندە کاک خالیدی عەزیزی لە نووسینەکەدا نەیتوانیوە خۆ لە کوت و زنجیری تەربیەتی فیکری چەند ساڵەی ئەندامەتی کۆمەڵە ڕزگار بکا بەلام لەسەریەك لە چەند مەبەستی ئەساسی دا وەك "بررسی ضعفها ونارسائی های حزب دمکرات، ضعف تشکیلاتی و پایگاه توده‌ئی حزب، حاکمیت و شوراها و امور اجتماعی، "کومەلایەتی" وضع هیزی پیشمرگه و کار نظامی در حزب دمکرات، مبارزه‌ٔ درون حزبی، مناسبات درونی، وحدت تشکیلاتی در حزب، در بارهٔ کنترل و گزارش دهی (لی پرسینەوە)، در بارهٔ تقسیم کار و هنر هر ارگان و کمیتهٔ رهبری در تقسیم کار، در بارهٔ انتشارات و تبلیغات" توانیویە بە شیوەیەکی ورد کەم و کوڕی و ناتەواویەکانی حیزبی دیموکرات روون کاتەوە. لەم باسە کورتەدا ناکری شوێنە حەساس و گرنگەکانی کە کاک خالید قامکی لەسەر دانا وون باسیان بکەین و شیان بکەینەوە. کاک خالیدی عەزیزی لە سەرەتای نووسینەکەی دا سێ کانال ورێچکەی بۆ ڕوانگە و بیر و باوەڕی جیاوازی نێو حیزبی دیموکرات دەستنیشان کردوە و ڕوونی کردوونەوە.

یەکەم ـ ڕوانگە یەك کە بە پشتیوانی و پاڵپشتی ( قانوونی پیگە یشتنی دیالك تیك ) لایەنگری سوسیالیزمە .

دوەم ـ ڕوانگە یەك کە لایەنگری بێ ئوسولی نێو حیزب و خەباتی خۆ بەخۆ و کوردایەتی دواکەوتوە .

سیەم ـ ڕوانگە یەك کە دەیەوی لە نیو حیزب دا پارسەنگ ڕاگرێ وینا ـ خەی فیکر و بیر و باوەری تیکە ڵبیکە لە سوسیالیزمی خەیاڵی و دیموکراسی لیبرالی و پێوەنووسانی سونەتەکانی حیزب .

هەر لەو سەر و بەندەش دا دەفتەری سیاسی حیزب بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کونگرە و چاوەدێری بەسەر کو نفرانسەکان دا ئەفرادی باوەر پیکراو و گوێ لە مستی خوی وەکار خست و کاتی بەستنی کونگرەی ڕاگەیاند .

بێگومان ئەندامانی حیزب ئەگەر نامیلکەی کاك خالیدی عەزیزی یان بە دەستگەیشتبێ و خوێند بیانەوە چاوەڕوان بوون کە ( ڕوانگەی پارسەنگ ڕاگرتن ) واتە ڕێبەرایەتی حیزب لەم قوناخە دژوار و گرنگەی جولانەوەی ڕزگاریخوازی دا بۆچارەسەر کردنی ئەم گیر و گرفتانە ڕیگایەك بدۆزیتەوە و لانی کەم لە کونگرە دا هێندی لەم ناتەواویانە چارەسەر بکا . بەلام ڕەوت و ڕووداوە ـ کانی هەشت ڕۆژ کاری کونگرە و بریار و ئەنجامەکانی دوای کونگرە نیشانی دا کە کونگرە نەك هەر بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانی جوولانەوە نەگیراوە، بەلکوو بۆلادان لە ڕێبازی پێشکەوتنخوازانەی چەند سالەی حیزبی دیمو ـ کرات و ساز کردنی دوو بەرەکی و گیر و گرفتی تازە و پاك کردنەوەی حیزب لە لایەنگرانی ڕوانگەی یەکەمی ڕاپورتی کاك خالیدی عەزیزی واتە ( لایەنگرانی سوسیالیزمی عیلمی ) بەستراوە .

## کونگرەی حیزبەکان چۆن دەبەستری؟

لە نێو حیزب و ڕیکخراوە دیموکرات و پێشکەو تنخوازەکان دا باوە کاتیك حیزب دەیەوی کونگرە ببەستی چەند مانگ پێش ڕاپورتی کومیتەی ناوەندی لە نیو شانە و ڕیکخراو و ئەندامانی حیزب دا بلاو دەکرێتەوە بیر و ڕاو پیشنیارو تی ـ بینی ئەندام و ڕیکخراوەکان کۆ دەکرێتەوە و لە ڕاپورت دا لە بەرچاو دەگیرێن . داخوا کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکرات ئەو کارەی کردوە ؟ . داخوا یەك شانە و ڕیکخراوەی حیزب چاویان بە ڕاپورت کەوتوە .؟

شیوەی بەڕێوەبردنی کاری کونفرانسەکان و کونگرە وا نیشان دەدەن کە هیچ یەك لەم ئەسلانە لەبەرچاو نەگیراون . لە ژمارە ٩٣ی ڕوژنامەی کوردستان دا ( تایبەتی کونگرە ) باسی چوار نوختە کراوە کە گویا بەگوێرەی بەندی ٨ی پیرەوی نێوخوی حیزب بەستنی کونگرە پێویست بوە . لێ وردبوونەوە لە ڕاپورتی کونگرە و بریار و ڕێنوێنیە کانی هیچیان وەلام دەری ئەو قسە خوشانە نین کە لە وتاری ( گرنگی بەستنی کونگرە ) دا هاتوون . پیاوهەقبلێ یەکیك لە مەبەستی ڕێبەرایەتی حیزب بەندی چواری ئەم وتارە بوە کە دەلێ :
"بەهیز کردنی ڕێبەرایەتی حیزب بەتایبەت کومیتەی ناوەندی بەهوێ هەل و مەرجی تازەی خەباتەوە مەسەلەیەکی گرنگ بوو . . . پتەو بوونی دەزگای ڕیبەری حیزب هەم لە نەزەر هەم ئاهەنگی بیر و راوە هەم لە نەزەر وزەی خەباتگێریەوە پێویست بوە " . بەلام داخوا ڕەوتی کارەکانی کونگرە و هەلبژاردنی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی ئەم ئامانجەی هێناوەتەدی ؟ .

کومیتە ناوەندیەکی لە کونگرەدا بە چوار دەورە دەنگدان هەلبژێردری و نەفەری ئاخری لە ٢٣٢ دەنگ تەنیا ١٠١ دەنگی واتە کەمتر لە نیوەی بوبدری لام وا نیە ئامانجی بەندی ٨ی پیرەوی نێوخوی حیزبی بەدی هینابێ . دابەشکردنی کاری کومیتەی ناوەندی و گوڕانی دەفتەری سیاسی بە جوانی دەری دەخا کە مەبەست هەلبژاردنی ئەفرادی لێزان و خاوەن رابردوو و تیکوشەر نەبوە بەلکوو تەنیا مەبەست " هاوئاهەنگی بیر و باوەر " واتە لەقالبدانی بیرو باوەر و بوچوون و لیکدانەوە بوە . موورەگورینی دەفتەری سیاسی و کومیتەی ناوەندی وەنەبێ بو بەهیزکردنی دەزگای ریبەری حیزب بوو بیت بەلکوو بەو مەبەستە بوە کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی کەمتر لەکار و فر و فیلی یەکتر شارەزا بن و یەکتر بناسن . بێجگە لەوانە مەبەستی ئەسلی و پنەرەتی لە پێك هێنانی کونگرەی شەش وەك باسی دەکەین هەر ئەوە بوە کە ڕێبازو سیاسەتیك بەسەر حیزبی دیموکراتی کوردستان دا بسەپێنن کە چەند سالە سکرتێری حیزب هەولی بودەدا . ئەگینا چاوخشاندنیك بە ڕاپورتی کونگرەدا بەجوانی دەری دەخا هەر ئەم قسانە دووپات کراونەوە کە لە کونگرەی پینج دا گوتراون و ئەوەندەیە هیندی وشە و زاراوە جیگای خویان گوڕیوە .

ئێمە بۆ روون بوونەوەی پتری ئەندامانی حیزب کورتەی کەم و کوڕیەکانی باسکراو لە راپورتی هەردوو کونگرەدا دەخەینە بەرچاو. لە راپورتی کومیتەی ناوەندیدا بۆ کونگرەی پێنج ( بە راشکاوی کەم و کوڕیەکان ) خراونە بەرچاو و بەم شێوەیە روون کراونەوە. " لە باری تەشکیلاتیەوە — " ئالقەی پێوەندی حیزب و کومەڵ کە تەشکیلاتە زور بە هێز نیە . . . بۆتە ئەنارشیزم و هەر کەس هەر کەس . . . کەم بوونی کادر . . . تێکەڵ کردنی شێوەکاری حیزبی و نیزامی . . . بلاو نەبوونی بلاوکراوەی تیئوری . . . نەبوونی کاری تەشکیلاتی لە نێو ژنان دا . . . . بە داخەوە تا ئێستاش تەشکیلاتی حیزبی ئێمە نەگەیوەتە ئەو رادەیە کە وەلامدەری ئەو مەسئولیەتانە بێ کە قوناخی ئێستای خەباتی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران خستویە تە سەرشانی . . . . لە راکێشانی لاوان بو لای حیزب زور چوو ینە پێش. . . . لەو بارەوە هێندێ هەنگاوی بەکەلک هاوێژراون . . . . زور بە داخەوە تا ئێستاش زور کەس لە ئێمە بە و جورەی پێویستە گرنگی و بایەخ بە کاری تەبلیغاتی نادەن. داهات و دەرچوونی حیزب بە شێوەیەکی رێك و پێك خراوەتە ژێر چاوەدێری کومیسیونی مالی و کومیسیونی لێکولینەوە . . . . بەلام لەگەل ئەو پێشکەوتنە شدە بێ ئەو راستیە بخەینە بەرچاو کە ناتەواوی و کەم و کوری لە تێکوشانی بەشی مالی دا زورە . . . . . شێوەی ئەساسی شەری ئێمە شێوە شەری پارتیزانیە . . . . . نابێ لە هیچ حالەتێکدا لە نێو شارەکان جەبهە بکرێتەوە و شەری سەنگەری بکرێ . . . . پێشمەرگە لە کاتێك دا بۆ فیداکاری و ئازایەتی نمونەیە و لەو بارەوە جێگای دەستخوشانەیە و ئافەرینە هەتا ئێستاش لە باری نەزم و دیسیپلینەوە لە پاشە . . . . تەدار و کاتیش لە نێو پێشمەرگەدا لاوازە . . . "

ئەمانە کورتەی راپورتی دوور و درێژی کومیتەی ناوەندی بوون بۆ کونگرەی پێنج کە بە هەزار جور خوارە پێچ کراون و لێك هالاون و بۆ کێژ کردنی ئەندامان باری موسبەت و مەنفی تێکەل کراون. باسی ئەوە ناکەم کە کونگرەی پێنج و شەش هەر یەك لە چ هەل و مەرجێك دا بەستراون. بەلام پاش دوو سال با چاوێك بە راپورتی کومیتەی ناوەندی دا بۆ کونگرەی شەش دا بگێرین و بزانین لەم دوو سالە دا چ گورانێك بە سەر حیزب و جولانەوەدا هاتوە .

هەواڵەی کتێب

کورتەی نێوەروکی راپورتی کومیتەی ناوەندی بۆ کونگرەی شەش ئەمانەن :
" لە باری نێوەروکی کاری تەشکیلاتییەوە سەرکەوتنمان کەمتر بووە ...
نەمانتوانیوە بەو شێوەیە کە پێویستە ئەرکی تەشکیلاتی خۆمان لە ناوچە
ژێردەستەکاندا بەجێ بگەیەنین .... دەبێ ئیعترافبکەین کە لە دوو
ساڵی رابردوودا هەم لە بارەی بەرێوەبردنی کلاسی کادر و هەم لە باری
بلاوکردنەوەی ئورگانی تیئوریکدا زور کز بووین ...( نووسەری راپورت روونی
نەکردوتەوە کام تیئوری و جیهان بینی بە ئەندامانی حیزب دەگوترێ . ئەوەشی
لە بیر چوتەوە کە لە کوبوونەوەکاندا باسی تیئوری قەدەخە کرابوو تەنیا دەبوایە
باسی سیاسەت و حکایەت بکرێ ) . نەمانتوانیوە بەشیوەیەکی پێویست ژنان
بۆلای تێکوشانی حیزب رابکێشین .... نەمانتوانیوە شکل و نێوەروکی پێویست
بە تیکوشانی خۆمان لە نێولاواندا بدەین ..... چاپەمەنی حیزبە ـ
کەمان وەلام دەرەوەی زەعی ئێستامان نیە ئەم ساڵ لە هەل و مەرجی زور ناسك
دا روژنامە دەرنەچووە ...... هێندێ لە کومیتەی شارستانەکان شەهیدانە
یان لە کومیتەی ناوەندی وەرگرتووە و بەلام نەیانداوە بە بنەماڵەی شەهیدانە .
" لە باسی پیشمەرگەدا دیسان باسی بێ ئینزباتی کراوە و خۆ لە کەم و کوریە
ئەسلیەکان نەدراوە . "

لە راگەیاندنی دەفتەری سیاسیدا لەمەرپێك هاتنی کونگرەی پینجەم
گوتراوە . " کونگرەی پینجەم بێگومان سەرکەوتووترین کونگرە لە میژووی حیزبی
ئێمەدا بووە . ئەم کونگرە نوختە گورانێکی گرنگ لە تیکوشانی حیزبی ئێمە و لە خەبا ـ
تی خەلکی کوردستاندا بو دابین کردنی دیموکراسی بو ئیران و خودمو ـ
ختاری بو کوردستانە ".

لە راگەیاندنی کومیتەی ناوەندی و لە وتاری ( گرنگی بەستنی کونگرەی ـ
شەش)دا ئەم وشە و زاراوانە بەرچاو دەکەون . " " کونگرەی شەش دەبێتە
قوناخێکی گرنگ لە ریگای خەباتی حیزبەکەماندا .... بێگومان کونگرەی شەش
لە ژیانی پر لە هەوراز و نشێوی حیزبەکەماندا هەنگاوێکی گرنگی میژوویییە
بەرەو پێشبەرە و وەدی هێنانی ئاواتە پیروزەکانی کومەلانی خەلك و
بەرەو دابین کردنی دیموکراسی بو ئیران و خودموختاری بو کورد ستان ".

هەواڵنامەی کتێب

ئەندامانی حیزب بەتایبەت دوای کونگرەی شەش کە حیزبی دیموکراتی بردوتە سەر ڕێبازی (دیموکراسی) هەقیانە لە ڕێبەرایەتی حیزب پرسیار بکەن لەم دوو کونگرانەدا کامیان لە مێژووی حیزبدا بە قوناخی گرنگ و هەنگاوی گرنگ و سەرکەوتووترین کونگرە) دەژمێردرێن؟.

باسی پێوەندی دەرەوە لە کونگرەکانی پێنج و شەشدا

دیارە ناکری بگوتری کونگرەی پێنج و شەش لە باری فورم و نێوەروک و ئامانجەوە فەرقیان نەبوە. کورتە یەك جیاوازی وشە و زاراوەکانی ڕاپورتی هەردوو کونگرە باس کران. لە باسی (پێوەندیەکانی دەرەوە) دا لە ڕاپورتی کومیتەی ناوەندی دا بۆ کونگرەی پێنج گوتراوە. " لەگەل بەشێکی بەرچاو لە ڕیکخراو و ستەندیکا دیموکراتیەکان و حیزبە کومونیست و سوسیالیستەکانی دەولەتانی سوسیالیستی و ولاتانی ڕوژئاوا پێوەندی دوستانەدا مەزراوە".

لە ڕاپورتی کونگرەی شەش دا گوتراوە "پێوەندی ئێمە لەگەل حیزبە سوسیالیستەکان بەتایبەت حیزبە سوسیالیستەچەپەکان وەك فەرانسە و یونان و حیزبە کومونیستەکانی ئورووپای ڕوژئاوا ڕوژ بە ڕوژ لە پەرەئەستاندن دایە. هێندی هەنگاو بۆ هاوکاری لەگەل (ئینترناسیونالی - سوسیالیست) هەلگیراوە کە هیوا دارین نەتیجەی باشی هەبێ".

دیارە لەو ڕاپورتەشدا بۆ فریودانی نوێنەرانی کونگرە باسی نیزیکی و پێوەندی لەگەل حیزبە کومونیستەکانی ولاتانی سوسیالیستی کراوە - بەلام نەگوتراوە لەگەل کام حیزبی کومونیستی ولاتانی سوسیالیستی پێوەندی هەیە؟. (ڕەنگە لەبەر سیاسەت مەسلەحەت نەبوو بێ!).

لێرەدا کەس دژی ئەوە نیە کە حیزبی دیموکرات و جولانەوەی گەلی کورد لەگەل گشت حیزب و ڕیکخراوەکانی جیهان پێوەندی هەبێ. بە پێچەوانە ئەم هەنگاوە بەکاریکی پەسند و ژیرانە و سیاسەتیکی ئاقلانە دەژمێردری. بەلام ئەگەر هاتوو ئەم کارە بە نرخی گوڕینی ڕێبازی پێشکەوتنخوازانەی حیزب و گوڕینی ئامانجی نیهایی و لادان لە ڕیچکەی بەرەی هیزە پیشکەوتنخوازە و سوسیالیستەکانی جیهان بوو ئیتر نەك هەر ژیرانە و پەسند نیە بەلکوو دەبێتە هوی تیشکانی جوولانەوە و سەرلێ شیواوی لە سیاسەتدا. گەلی

هەواڵنامەی کتێب

کورد لەم بارەوە تاقیکردنەوەی تاڵی بەدەستەوەیە و لەم سەنگەرگۆڕینەدا زیانی زۆری وێکەوتوە . کونگرەی شەشی حیزبی دیموکرات بۆ ئەنجامی ئەو مەبەستە بەستراکە دەمیکە هێندێ لە رێبەرانی حیزبی دیموکرات هەولی بۆ دەدەن و لە دەرفەت دەگەران بەسەر حیزبی دا بسەپینن وئەو "سوسیالیزمە خەیالیە و دیموکراسی لیبرالیە ( یا بە درویە) "کە کاک خالیدی عەزیزی باسی دەکا لە حیزب دا سەقام گرتووی بکەن . لە کونگرەی سێهەم دا بەکەلك وەرگرتن لە بەشداری ولێك هالانی چەند مائوییست و ناشارەزایی نوێنەرانی کونگرە ئامانجی نیهایی حیزب کرا بە "سوسیالیزمی دادپەروەرانە" لە کونگرەی چوارەدا سەرەرای تەقەلای زۆری ناحەزانی سوسیالیزم بەودە- دەلیلە کە وشەی "دادپەروەرانە" بە دوای سوسیالیزم دا وشەیەکی بێ مانا و غەیرە زانستیە و سوسیالیزم خۆی سیستەمیکی دادپەروەرانەیە ئەم وشەیە لابرا و "پیك هینانی کومەلی سوسیالیستی" کرا بە ئامانجی نیهایی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران .

دیارە ئەم فورمولە بەدڵی ئەوکەسانە نەبوو کە سوسیالیزم لەگەل خەسلەتی چینایەتی ئەوان رێك ناکەوێ . لە هەول و تەقەلادا- بوون کە وشەی "سوسیالیزم" لە نیو ونیوەروکی حیزبی دیموکرات بشۆنەوە . کونگرەی پێنجیان بە هەل زانی و ئەم باسەیان هەلگیرساندەوە . لە کونگرەی پینجەم دا "سوسیالیزمی دیموکراتی" یان پیشنیار کرد . بەلام لە گەل بەربەرەکانی توندی نوێنەرانی کونگرە بەرەوروو بوون .

ئەندامانی حیزبی دیموکرات، نوێنەرانی کونگرە کە لە حیزبی دیموکرات دا دوا رۆژی بەختەوەری سوسیالیزمیان بەدی دەکرد، بە توندی بەگژ تیزی "سوسیال دیموکراسی"دا چوونەوە . هەلگرانی بیروباوەری سوسیال دیمو- کراسی زوو پاشەکشەیان کرد . هەل ومەرجەکە بەلای ئەوان دا نەبوو. کادرو ئەندامانی حیزب لەولاتی خۆیان بوون . لەگەل خەلك پێوە- ندیان هەبوو. ئاوادەربەدەر و لێقەوماو نەبوون . جوولانەوە بەهیز بوو. "سوسیالیزمی دیموکراتی" یان بۆنەچە سپا . بەلام دیسان بە ریتکەو چریش ئەم فورمولەیان "ئامانجی دوا رۆژی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران پێکهێنانی کۆمەلیکی سوسیالیستیە کە وەلام دەری هەل

و مه رجی تایبه تی ولاته که مان بیّ "چه سپاند . ئه م فورموله له گه ل سوسیالیزمی عیلمی و سوسیالیزمی مه وجود یه کی ده گرته وه چونکه سوسیالیزم هه رئه وه یه که له گه ل هه ل و مه رجی ولات ریك بکه وی .سوسیالیزم هه رئه وه یه که له سه ر و به ندی ئه مروّی جیهان دا لایه نگرانی ئیسلامی راسته قینه ش به ریگای رزگاری میلله تی خوّیانی ده زانن . و . ژیگالینا روژ هه لاتناسی سوفیتی له کتیبی خوی دا به ناوی ( ئیسلام له ولاته کانی روژ هه لاتی نیوه راست دا ) که سالی ١٩٨٢ له لایه ن ئه نستیتوی روژهه لاتناسی سوفیت بلاو کراوه ته وه ده نووسی :

"شیخ عیزالدینی حوسینی به کارترین و خاوه ن پشتگیری زوربه ی زوری کورده کان ئیمامی مزگه وتی شاری مه هاباد له کاتی هه لبژاردنی ریگای پیش خستنی کوردستانی ئیران دا لایه نی سوسیالیزم ده گری و ده لیّ :

"من پیشنیاری سوسیالیزم ده که م چونکه سوسیالیزم مافی هه مووکه سیك بوّ کار و ژیان دابین ده کات" .

به لام ئامانجی نیهایی حیزب به سند کراوی کونگره ی پینج به دلی ئه و که سانه نه بوو که ئه وینداری وحه بیرانی ( دیموکراسی روژ ئاوا و ریبازی سوسیال دیموکراسی ) بوون . که وتنه هه ول و ته قه لا و کارکردن له نیو ریکخراوه کانی حیزبی بوّ ئه م کاره ده بوایه به رپرسی کومیسیونی ته شکیلات و کومیته و ریکخراوه کانی حیزب بگوّرن . سکرتیری حیزب وه ك تیئوریسین و ئالاهه لگری ( دیموکراسی و پلورالیزم ) نامیلکه ی کورته باس بنووسیّ و به په له پیش کونگره بلاّوی بکاته وه . به لام موخالیفه تی یه ك دوو ئه ندامی بوروی سیاسی له گه ل نیّوه روکی کورته باس که به قازانجی جولانه وه ی رزگاریخوازی کوردیان نه ده زانی، بوو به هوّی وه دوا که وتنی نامیلکه و تا له مانگی گه لاویژدا به ناوی ئینتشارات و ته بلیغاتی حیزب بلاو کرایه وه . له سه ره تاوه وایان نیشان ده دا که گویا "کورته باس) بوّیه نه نووسراوه که بیّته کونگره و به زیز بوون و هه ره شه و گریان به سه ر حیزبی دا بسه پینن .کورته باس هه ر له سه ره تاوه له نیو ریکخراوه کانی حیزب دا بوو به جیگای باس و ره خنه و ده مه ته قه و هه رای لیّ په یدا بوو. ناچار بوون بیهیّننه کونگره و ئه م ریبازه چه وته بسه پیّنن . هه ر

ئەم ئامانج و مەبەستە یەکە بەندی ٨ی پیرەوی نێوخوی حیزبی بۆ بەکار هێنراوە. بێجگە لەوەش مەسەلەی دیکە ش هەبوون، بەستراو بوونەوە بە پێک هێنانی کونگرە. بۆ ئەوە حیزبی دیموکرات بەرەسمی بخرێتە سەر رێبازی سوسیال دیموکراسی و لە "ئینترناسیونالی ـ سوسیالیست" دا قبول بکرێ، دەبوایە ئامانجی نیهایی حیزب بکرێتە "سوسیالیزمی دیموکراتیک" و حیزبی "پیشرەو" کە لە کونگرەکانی پێشوو دا پەسند کرا بوو، لە بەرنامەی حیزب لا ببرێ ئەمەش خۆی وەلام دەری ئەو گۆرینە بوو کە بەسەر حیزبی دیموکراتیان ـ هێنا چونکە حیزبێکی بۆ "سوسیالیزمی دیموکراتیک" خەبات بکا ئیتر ناتوانی "پیشرەو" بێ.

بۆ روو نکردنەوەی پتری ئەم باسە بەسەرێ بی چاویک بە راپورت و بریارەکانی کونگرەی شەش دا دەگێرین.

١ ـ نوختەیەکی گرنگ کە لە راپورت و بریارەکانی کونگرەی شەش دا بێ شوێنە و لادانە لە رێباز و خەباتی حیزب بریتیە لە تیکوشان بو "پیک هینانی بەرەی هاو بەشی هیزە دیموکرات و شورشگیرەکانی ئیران". لە کونگرەکانی پێشووی حیزب دا ئەم ئامانجە پێی لەسەر داگیراوە و بە ئەرکی کومیتەی ناوەندی دانراوە. بەلام لە راپورتی کونگرەی شەش دا تەنیا تەکیە لەسەر هاوکاری لە گەل شورای بەرگری و موجاهیدین کراوە و تیکوشان بۆ پێک هێنانی "بەرەی دیموکراتی و دژی ئیمپریالیستی" لە بیر چۆتەوە کە هەمیشە بەشیک لە ستراتیژی حیزبی دیموکرات بووە. هاوکاری لە گەل شورا و موجاهیدین وەنەبێ جێگای رەخنە بێ، بەلام ماستاو کردن و پێ هەلا گوتنیش رادەی هەیە.

تاقیکردنەوەی ٣ سالی رابردوو نیشانی داوە کە شورا و موجاهید ئەوئیمام زادەیە نین کە رێبەرایەتی حیزبی دیموکرات کیسەی بۆ هەلدرو بوون و کەس نەیدەوێرا بە موجاهید بلێ قیبلە تخوارە و خێر و بەرەکە تیکی ئەوتۆشیان بۆ کوردستانی پەلامار دراو نەبووە. ئەوەندە زیبەرانی حیزبی دیموکرات بە شورا و موجاهیدیان هەلگوتووە ئەگەر موجاهید سەد یەکی ئەوەی باسی کوردستان کرد با دیسان شتیک بوو. ماستاو کردن بۆ موجاهید گەیوەتە رادەیەک کە لاپەرەکانی روژنامەی کوردستانیش بۆ دیفاع لە موجاهیدین رەش دەکرێنەوە. رەنگە لە کوردستان هیچ گیر وگرفتی ئەوتونە بێ کە روژنامەی کوردستان لە سەری بنوسی بۆیە لە سەر شورا بە گژ خەلک دا دەچی!

ستان لەسەری بنووسی، جا بۆیە لەسەر شورا و بەرپرسی موجاهید بەگژ خەلك دادەچێ کە هیچ قازانجێکی تیدا نیە.

چاوخشاندنێك بە ژمارەی تایبەتی رۆژنامەی موجاهید دا کە بەبۆنەی حەوتووی شەر بلاوکراوەتەوە، بەهەق گەلی کورد لە موجاهید و شوراکە وئیسلامەکەشی بێزار دەکا. گەلی کورد لە کوردستانی ئیران تا ئیستا پتر لە ۳۰ هەزار کەسی لە پێناوی ئازادی دا فیدا کردوە. پیشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان گەورەترین فیداکاریان لە میژووی خەباتی خوێناوی دا تومار کردوە. کوردستانی ئیران تەواوی ڕاکردوەکانی ئیرانی لە ئامیز گرتوە و کەمیشی تاوانی ئەو میواندارییە نەداوە. بەلام ئەو هاوپەیمانە موسلمانانەی ڕێبەرانی حیزبی دیموکرات و ڕێبەرانی شورا تەواوی فیداکاری و شەڕ و قارەمانەتی و پاسدار قرانی کوردستانیان لەسەر حیسابی خۆیان نووسیوە. ئەو بێ ئیسافانە هەرجاریك بۆنموونە بە نوکی قەلەمیش ئەوەندەیان نیشان نەداوە کە لە کوردستانی خوێناویش دا خەلکێك هەیە و خەباتی کردوە.

خوێنی رژاوە. هیچ مالیکی زەحمەتکیشی کورد نیە کە شەهیدی نەدابێ و هیچ بن بەردێك وکەژ و لێڕ و تەپك و دۆلی کوردستان نیە کە بەخوێنی تێکۆشەریکی کورد سوور نەبوو بێ. هەر ئەوەندەیان نەگوتوە کە لە کوردستان دا حیزبی دیموکراتی هاوپەیمانیان گەورەترین فیورسایی شەری لەسەر شان بوە، پیشمەرگەی قارەمانی کورد بوون بە جیگای شانازی گەلەکەیان. کاکی — موجاهیدی هاوپەیمان تەواوی فیداکاری و مال وێرانی خەلکی کوردستانی بە ژێر لیچەوە کردوە و لە " مەرکەزی کوردستانەوە" کاریکی بەسەر پاسدار و لەشکری خومینی هێناوە کە بەوێنە وسەنەد و بەلگە بیست لاپەرەی رۆژنامەی" موجاهید" ی پێ ڕەش کردوتەوە!. هیچ دوور نیە لە دوا رۆژ دا ئەم وێنە و بەلگانە نەکە نەشاهید بۆ ئەوە کە ئەوان کوردستانیان ئازاد کردوە و ئەم ناوچەیە کوردی لێ نەژیاوە. کوردەکە هەقیەتی لە هاوپەیمانانەی ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات بپرسی " داخوا لەم ئیرانە پان و بەرینە دا هەر مەر کەزی کوردستان هەیە ئیوە شەڕی لێ بکەن؟ .شیمال و جنوب و رۆژهەلات و ناوەندی ئیران بە قور گیراوە؟ . یا هەمووتان ئازاد کردوە هەر کوردستان ماوە بە جاریك وێرانی بکەن؟ . ئیوە کە وا بوونە پاسدار خۆر بۆچی لە ناوچەیەکی دیکەی ئیرانیش شەر ناکەن و توزیك فشار لەسەر کوردستان "سەنگەری ئازادەگان" کەم

بکـه نـه وه ؟ . ده ڵێن له زه مانـی سمایلاغای سمکودا له شکری عـه جـه مان له شاری سابلاخ له دوخانیەی ئێستا دا بوه . شکاکیش له وسوکه ند و ئیندرقاش بـوون . شه ـ بیپورچـی عـه جـه مان هـه موو به یانیان وه سەر بان که وتوه و تـێ ی توراند وه . عـه جـه میکی تریاك کێشیش لـه بن دیواری سـه رباز خانـه به یانیان هـه لده ستا وخـه ریکی تریاك کیشان ده بـوو. به یانیەك راست له و کاته دا که تریاکـی کیشاوه و نـه شـه بوه کابرای شـه بیپورچـی تێ ی توراند ەوه وعـه جـه مـی تریاکـی تێکرا بوه ونـه شه و مـه شه ی لێ تێك چـوه . چـۆوته دەر و به کا برای شـه بیپورچـی گوتوه: "سه گباب ئـه گـەر داریان نـه داوه لـه گونگت بـرۆ لـه ئیندرگاش نێ زو بکه وه". ( به زاراوی تـر کـی ... ) .

٢ ــ له بـه شـی سیا سـه تـی حیزب له نـێوان دوو کو نگره "دا دوو مـه سه له ی تر له راپورتـی کـو میته ی ناوه نده ی دا بـۆ کو نگره ی پینج بـه رچاو ده کەون مـه علوم نـیه کام هـه ل و مـه رجێ لـه خـه باتی گه لـی کورد رێبه رانـی حیزبـی دیموکراتـی وا لیکرد وه که لـه کونگره ی شه ش دا ئـەم دوو مـه سه له یـه بگـۆرن و یا بـه یـه کجاری ره شیان کـه نـه وه؟ .

ئـه لف ــ له راپورتی کونگرەی پینج دا له بارەی هـێزه کوردستانـیه کانـه وه ــ گوتراوه ." سـەر که وتنی گه لـی کورد له هـه ربـه شێکی کوردستان به سـەر که وتنی بـه شه کانـی دیکه ده زانین . هـەر کاتیش هیزه کوردستانیه کان لـه توانایان دا بوو له باری مادی و مـه عنه ویه یارمـه تی بـه خـه باتـی رزگاریخوازی گـه لی کورد له به شـه جۆر بـه جۆره کانـی کوردستان رابکه یـه نن " .

بـه لام له راپورتـی کومیتەی ناوه ندی دا بۆکونگرەی شـه ش گوتراوه . " حیزبـی دیموکراتـی کوردستان له خـه باتـی نـه ته وه ی کورد لـه تورکیا و سوریا دژی زور ــ داری و دیکتاتوری و له پێناوی مافـی رەوای نه ته وایه تیه کان و دیموکراسی پشتیوانـی دەکا و ئاماده یەیارمـه تـی خـه باتگیرانـی ریگای ئازادی گه لی کورد له م دوو ولا ته بدا". لـه باره ی عیراقـه وه وا دیاره چـو نکه به نه زەری رێبه رایەتی حیزبـی دیمو ــ کرات له عیراق "زور داری و دیکتاتوری "نـیه گوتراوه ." هیوا دارین گیرو گرفـتی کوردی عیراق ( نەك خـه باتی رزگاریخوازی) له رێگای وتوو وێژه وه چاره سـه ربکری".

بـێ ــ له راپورتـی کو میتەی ناوه ندی دا بۆکونگرەی پینج گـوتراوه . "حیزبـی دیموکراتی کوردستانـی ئیران له سه ره تای دامه زرانـیه وه دوستایـه تـی له گەل

یەکیتی سوفیتی و پاشتریش لەگەڵ هەموو ولاتانی سوسیالیستی بە قازانجی نەتەوەی زور لیکراوی کورد زانیوە و ئیستاش هەر لەو بروایەدایە. بویە حیزبی ئیمە هەولی داوە و هەولیش دەدا کە لەگەڵ هەموو ولاتانی سو-سیالیستی لەگەل هەموو ولاتانی دیموکرات و پیشکەوتنخواز کە لە سیاسەتی جیهانیدا لە سوسیالیزم و لە دیموکراسی و مافی رەوای گەلانی زور لیکراو پشتیوانی دەکەن پیوەندی دوستایەتی و هاوکاری هەبێ". بەلام لە راپورتی کونگرەی شەشدا ئەم بەشە لابراوە و کوێر کراوەتەوە و جیگای ئەو بە پێی هەلا گوتنی شورای نیشتمانی بەرگری پر کراوەتەوە. جارەنگە ئەم دووبەندەی (ئەلف و بێ) لە بەر سیاسەتی (سەربەخوبی و ئیستقلالی) حیزب کە بە قسە زوری باس دەکەن، گورانیان بەسەردا هاتێ و کوێر کرابنەوە؟!

٣- لە بریاری چوارەمی کونگرەدا لە سەر نامیلکەی "کورتە باسێك لە سەر سوسیالیزم" گوتراوە. "کونگرە بە شیوەیەکی گشتی نێوەروکی ئەم نامیلکەیە بە تایبەتی لە بارەی هەڵدان بو دامەزراندنی (کومەلیکی دیموکراتیکی سوسیالیستی) تەئیید دەکا ولە و باوەرەدایە کە ئەم سیاسەتە هەم لەگەل ئامانجی دوا روژی حیزبەکەمان یەك دەگریتەوە و هەم سەربەخوبی بریاردانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران تەزمین دەکا. وهەم بناخەیەکی باش بو دوستایەتی لەگەل ولاتانی سوسیالیستی و هەموو هیزە پیشکەوتوەکانی دنیا لە حیزبی ئیمەدا دادەمەزرینی".

ئەم بریارە بیجگە لەوەکە بوگیژکردنی نوینەرانی کونگرە بە خوارە پیچەچەند وشە و زاراوی خەلك پەسندی تێ هاویژراوە دوو مەبەست دەگەیەنی کە نوینەرانی کونگرە سرنجیان نەداوەتێ و پیویستیان بە روون کردنەوە یەك هەیە. یەکەم ئەوەیە بە گویرەی ئەم وتەیە حیزبی دیموکراتی کوردستان لە هەوەلی دامەزرانیەوە بە تایبەت لە کونفرانسی سێهەمەوە کە سوسیالیزمی کردوتە ئامانجی ئیهایی خوی، سەر بە خویی بریاردانی نەبوە و هیچ بریاریکی سەربەخوی نەداوە و هەرچی کردوویەتی بە قسە و بە دیکتەی خەلك بوە. هەموو کەسیش دەزانێ لەوماوەیەدا هیچ پیوەندیکی لەگەل ولاتانی سوسیالیستی نەبوە تا بە قەولی کونەپەرست و ئانتی کومونیستەکان لە موسکوێ ی دیکتە کرابێ. وەك لە راپورتەکەدا گوتراوە پیوەندی لەگەل حیزبە سوسیالیستە

کانــی فــه رانسه و یونان و ئو تریش و حیزبی کارگەری ئینگلستان بــوه . دیاره بو پیخور ناوی چــه ند حیزبــی کو مو نیستی ئوروپای روژ ئاواشی تیّ هاویژراوه که ره نگه جاریك له گه لیان دانیشتبن . دیاره بــو ئــه وه که ســه ر بــه خــوّیــی بریاردانــی حیزبــی دیموکرات " ته وَمین "بکریّ ، ده بوایه بوّ دامــه زرانی کومــه لیکی "دیموکراتیکی سوــ سیا لیستی " و هاوکاری لــه گــه ل " ئینترناسیونالــی ــ سوسیالیست " هه ول بدری . !

دووه م ئــه وه یــه که گویا " دیموکراتیکی سوسیا لیستی "که ئیده ئولوژی و ــ به رنامــه و هیّلی سیاسی "ئینتر ناسیونالی ــ سو سیالیستیه " ( بناخه یه کــی باش بــوّ دوستایــه تــی له گه ل ولاتانی سو سیا لیستی دا ده مــه زرینیّ ".! لیره دا مــروف تیّز و تیئوری ما موستا مــه لا عــه ولای حــه ســه ن زاده ئــه ندامــی ده فته ری سیا سی حیزبــی دیموکراتــی کوردستانــی ئیرانــی وه بیر دیّته وه که ده فــه رمــوی: " یه کیتی سو وَمیتی و ولاتانــی سوسیا لیستی تا جنیّویان پــیّ نه ده ی نابــنــه دوست و ناتناسن " . !

ئیّستا با بزانین ئــه م " ئینترناسیونالی ــ سو سیا لیسته " که ریّبه رانی حیزبی دیموکراتــی ئیران " هــه نگا وی بوّ هاو کاری له گه ل هــه لیناوه " و بــه چــوونه ســه ر ریبازی ئــه و " ســه ر بــه خوّیی حیزب ته زمینن" ده کاچ ریکخراوه یه که و چیه و چ کاره یــه ؟ . ده بــوایه له کونگره دا نیّوه روك و سیا سه ت و چونیه تــی ئه م ریکخراوه یه و دوّسته تازه یه بــوّ نوّینه رانــی کونگره روون کرا بایه وه . چــو نکه هــه م ناوی "ئینترــ نا سیو نالیست" و "هــه م ناوی "سو سیالیست" له لایــه ن کو مــه لانــی گه لی ژیر ده ست و به شخوراو و چــه وساوه پیروز و خــوّ شه ویسته . به لام " ئینتر ناسیونالی ــ سو سیا لیست "که بــه "سو سینتر" کورت کراوه تــه وه بوّ خــه لکی کورد نه ناسراوه . تازه ریّبه رایه تــی حیزبــی دیموکرات بــوّ " ته زمینی سەر به خــوّ یــی حیزب "دەیەوی به گه لی کوردی بناسیّنی . دیاره ریّبه رایه تــی حیزب به پیّویستی نه زانیوه ئــه م ــ ریکخراوه یه به نویّنه رانــی کونگره بناسینی . به لام ئیمه با به کور تیش بــیّ ئــه م ریك ــ خــراوه یــه به ئه ندامانــی حیزب و به گه لــی کورد ده ناسینین .

" ( ئینتر ناسیو نالــی ــ سو سیالیست ) یه ك گرتــنی نــیّو نه ته وه یــی حیزبــه سو سیالیست و سو سیال دیمو کراتــه کانه که ٧٦ حیزبــی تیّدا کوّ بــوو نەوه و سالــی ١٩٥١ له کونگره ی فرانکفورت دامــه زراوه . ئــه و حیزبانه له جــولانــه وه ی کریکاری دا

هەواڵنامەی کتێب

هێلی ریفورمیستی یان گرتۆته پێش. ( ئینتر ناسیونالی ــ سوسیالیست ) له هه وه لین به یاننامه ی خۆی دا د مارکسیزمی وه ك ئه ساسی ئیده ئولوژی و سیاسی ره ت کرد وته وه و "د یموکراتیکی سوسیا لیستی " به ئامانجی ریفورمیستی خۆی دیاری کردوه . ئینتر ناسیونالی ــ سوسیالیست له ره وه ندی هێل و بۆچوونی خۆی دا ئانتی کومونیزمی به رێبازی ئه سلی سیاسه ت و خه باتی خۆ داناوه . له سیاسه تی نێونه ته وه یی دا ریگا خاوێن که ره وه ی سیاسه تی ئیمپریالیزم بوه . سالی ١٩٧٢ ناکوکی له نێو دا په یدا بوو. له هیندی ولات حیزبی چه پی سوسیا لیست ــ دامه زران به لام له نێو "سوسینتر" دا مانه وه . ده فتەری ئینتر ناسیونالی ــ سوسیا لیست سالی ١٩٧٨ بریاریکی په سند کرد به گوێره ی ئەو حیزبه کانی ئه ندام له بریار دان و پێوه ندی له گەل حیزب و ریکخراوه کانی جۆر به جۆر دا ئازاد و سه ر به خۆن " . ئه وه یه "ئینتر ناسیونالی ــ سوسیالیست "که به قه ولی کاك خالیدی عه زیزی ( سوسیا لیزمی خه یالی ) و به قه ولی کومیته ی ناوه ندی حیزبی دیموکرات ( سەر به خۆیی بریار دان) بۆ گه لی کورد و حیزبی دیموکرات "ته زمین " ده کا.

## کورته باس له کونگره دا

با بزانین ئه م کورته باسه ی که "سوسیا لیستی دیموکراتیکی "دیاره به شێوه ی فه رانسه یی، کرد وته ئامانجی نیهایی حیزبی دیموکرات چۆن په سند کراوه ؟ . به گوێره ی راگه یاندنی کومیته ی ناوه ندی ٢٣٢ نوینەر ( رەنگه به شیوه یه کی دیموکراتی و بێ فیڵ و ته له کەش هه لبژێرد را بن ) له کونگره دا به شدار بوون . پاش باس و موناقه شه له هه وه لین ده نگدان دا "کورته باس" ره ت کراوه ته وه . به دوای ئەوه دا که سکرتێری گشتی زیز بوه و هه ره شه ی کرد وه که ئه گه ر په سند نه کرێ نایه م و ما موستا مه لا عه ولا بۆی گریاوه و مام جه لال ئاشتی کرد وته وه و هێناویه تەوه نێو سالونی کونگره جاریکی تریش بۆ "کورته باس "ده نگیان وه ر گرتوه . ئەم جاره بۆ بژاردنی دەنگه کان واته ده ست هه لبراوه کان دووکه سیان دیاری کرد وه و دەنگه کان به رامبەر بوون و "کورته باس" په سند نه کراوه . دیسان ئاواتی لایه نگرانی (سوسیال دیموکراسی) نه هاتۆته دی . جاریکی دیکه ش ده نگیان به خه لك داوه . ٢٤ که س به نیشانەی ئیعتراز له وهه موو فیڵ و ته له که یه له سالۆنی کونگره

چوونە دەر. لە دەوری سێهەمی دەنگدان دا کە سێ کەس بژاردوویانە ١٠٠ کەس دژی کورتە باس دەنگی داوە و ١٠٨ کەسیش موافیق بووە. بەم پێیە ئەگەر توزکالیک دیموکراسی "سوسیال دیموکرات"یش لەبەر چاوگیرا بایە کورتە باس رەت رەتکرا بۆوە و دەبوایە بخرێتە نێو زبڵدانی کاغەوە دراوەکانەوە. چونکە لە نیوەکەمتر دەنگیان بۆ داوە. ئێمە دڵنیا ین ڕێبازێکی بەزیز بوون و هەرەشە و گریان و ئاشت کردنەوە بەسەر حیزب دا بسەپێنرێ بەردەوام نابێ. ویژدان وەخەبەر دێن. بیر و مێشک دەکرێنەوە. ئەم هەلومەرجە نالەبارەی کە ناحەزانی سوسیالیزم و کۆنەپەرستی کەلکیان لێ وەرگرتووە نامێنێ و گەلی کورد ڕێبازی قازی محەممەد ون ناکا و بەسەر ڕێبازی سوسیالیزمی عیلمی دا بۆ ڕزگاری لە بن دەستی و بەشخوراوی خەباتە ڕێژە پێدەدا.

## ئەنجامی کونگرەی شەش و دیموکراسی "سوسیالیزمی دیموکراتیک"

بەدوای کونگرەی شەش دا کە گویا بۆ "هاوئاهەنگی بیرورا" بەسترا بوو ناکوکی و جیاوازی بیرورا لە نێوحیزبی دیموکرات دا بە شیوەیەکی بێ وێنە سەری هەڵدا. دەفتەری سیاسی بۆ چارەسەرکردنی مەسەلە و کپ کپ کردنی دەنگی رەخنە و رەخنەکاری، لە پێش دا کادر و ئەندامانی بە بیر و باوەری مەجبور دەکرد کە بە نووسین "تعهد" بدەن کە ڕێبازی سوسیال دیموکراسی نیوە پەسەند کراویان قبول بێ و واز لە رەخنە و دەربڕینی بیرورا و خەباتی نێوخوێ حیزبی بێنن کە لە پیرەوی نێوخوێ حیزب دا هاتوە. هەوەل جار بوو لە حیزبێکی سیاسی دا دەبینرا کە بە نووسین لە کادر و ئەندامان "تعهد" وەربگیرێ.

دیارە کاک مەسعودی رەجەوی "تعهد"ی لە ئەفراد و حیزب وریکخراوەکان وەر دەگرت کە دەبوونە ئەندامی شورای بەرگری نیشتمانی و بە "تعهد" دەیبەستنەوە بۆیە ئێستاش زور باسی "تعهد و التزام" دەکا.!

دیارە کادر و ئەندامانی تیکوشەر و خەباتگێر کە بە ئازادی و دیموکراسی و سوسیالیزم وەفادار بوون، نەیاندەتوانی ئەم کردەوە پولیسیە قبول بکەن و بچنە ژێر باری هەرەشە و شانتاژەوە. ئەوان خۆیان بە حیزبی دەزانی و خەباتی نێوحیزبیان پێ قانوونیکی پیروز بوو.

هەواڵنامەی کتێب

دەفتەری سیاسی لە لایەك ئەم هەل و مەرجەنا لە بارەی کە لە نەتیجەی سیاسەتی چەوتی ڕێبەرایەتی دا بۆکادر و ئەندامانی حیزب پێك هاتبوو دەربەدەر ببوون، لە ولاتی خۆیان پەرەوازە ببوون، برسی و لیقە وماو بوون، و نە یاندەتوانی بگەڕێنەوە و هیچ پەناو پەسیویکیان نەبوو کە لکی خەڵکی وەرگرت و دەستی کرد بەوە دەرنانی ئەم کادر و ئەندامە تیکوشەرانە کە لە حاست رزگاری میللەتەکەیان و بە ڕێبازی سوسیالیزم وەفادار بوون و چەند سال ژیان و هەبوو ونەبووی خۆیان لە پێناوی رزگاری گەل داناوە. لە لایەکی دیکەوە بە دەرکردنی ئەم کادرانە دەبوایە فەرمانی مەسعودی رەجەوی بەرپرسی شورای بەرگری کە وەدرنگی کە وتبوو جێ بەجێ بکا کە لە نامەی پیروزبایی دا بۆکونگرەی پینج نووسیبووی. " بە انجام و تصفیە درونی هرچی بیشتر صفوفتان تاکید میکنم ".

لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە چەوتە وئەم "دیموکراسی" "سوسیالیزمی دیموکراتیك" ەبە دەیان کادر و ئەندامی تیکوشەر و پیشمەرگەی نەبەز لەنەخەبات دوور خراونەوە و دانیشتوون. نووسەرانی ڕوژنامەی کوردستان زور بێ ئینسافانە ئەوانە بە بەزیو و هەلاتوو ناو دەبەن. بەلام هەر ئەوانە بوون کە لە هەل و مەرجی دژوار دا قارەمانەتیان نواندوە و ڕێبەرایەتی حیزبی دیموکرات شانازی پێوە کردوون و تەنانەت ئافەرین و دەستخوشانەشی بۆنووسیون.

دەفتەری سیاسی لە ڕاپورتی خۆی دا بۆ پلینومی کومیتەی ناوەندی دەلێ: "ئەوانەی دەرکراون دوای کونگرە دژی حیزب تیکوشاون. لە چەند شوێن ڕاپورت دراوە (دیارە لە لای بەشی پاراستنەوە) کە لەگەل ئەندام و پێشمەرگەمونا قەشەیان کردوە ودژی "ڕێبەرایەتی" حیزب قسە دەکەن!. هێندێ بەنوسین تعهدیان نەداوە. هێندێ خۆیان بە زوّر زانیوە و دژی ڕێبەرایەتی قسەیان کردوە. هێندێ پیرەوی لە سیاسەتی حیزب ناکەن و بۆیە گگرتنی ڕیزەکانی حیزب ئەوانە دەرکراوە ".

دیارە دەفتەری سیاسی کاتی نووسینی ئەم ڕاپورتە نووسراوەی کورتە باسی لە بیر نەبوە. چونکە لە کورتە باس دا کە گویا کونگرە ش پەسندی کردوە نووسراوە. "سیاسەتی ستالین بە زۆمیکی وای بەسەر ولاتانی سوسیالیستی هێنا وە زعیکی پولیسی وانا لە باری لە نێو حیزبە کومونیستەکانی ئەو ولاتانە دا زال کرد کە بە ڕاستی دژی سەرە-

تایی ترین ئوسولی سوسیالیزم بوو. . . .ئایا لە ولاتانی سوسیالیستی دا فەرد دەتوانێ نەزەری خۆی دەر ببڕی و ئەم نەزەرە لە کۆمەڵ دا بلاو بکاتەوە؟
ئەگەر ئەندامانی حیزب لە وڵاتانی سوسیالیستی دارەخنەکانی خۆیان بە راشکاوی بلێن لە یەکەم هەلکەوت دا بیانوویان پێ دەگرن وسزایان دەدەن".

ئێستا دەکرێ لە نووسەری کورتەباس پرسیار بکەین ، مەگەر ستالین کە بە قسەی تۆ خەلکی دەکوشت هەر لەسەر ئەوە نەبوو کە دژی بیرو باوەری ئەو دەجولانەوە؟ مەگەر خۆت لەسەر ئەوە رەخنە لە ولاتانی سوسیالیستی ناگری کە گویا بە تاوانی رەخنە گرتن و نەزەر دان خەلک سزا دەدەن ؟ . مەگەر بە خەیالی خۆت بۆ دیموکراسی نیە کە رێبازی سوسیال دیموکراسیت هەلبژاردوە ؟ . ئێستا کە خۆشت بە تاوانی بیروڕای موخالیف و "قسەکردن دژی رێبەری" خەلک دەردەکەی ئەم کردەوە ناپەسندەی خۆت لە لای کۆمەلانی خەلکی کوردستان چۆن پینە دەکەی؟ گەلی کورد لە سەر ئەم ئاکارە ناحەزانەتان چون قەزاوەت دەکا؟ . حیزبیکی ئەوهەموو دەسەلات وچەکدار و پێشمەرگەی هەبێ، بۆچی دەبێ لە موناقەشەی بیرو باوەر بترسی و لە قسەی کادر و ئەندامی حیزب زەهلەی بچێ . ئەوەیە دیموکراسی و پلورالیزم کە کراوەتە بنێشتە خۆشکە و شەو و رۆژ دەیلێینەوە؟ .

بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران کە زوربەی خەلک سەبارەت بە نەخشی مێژوویی و ناوی پێشەوا قازی محمد ممەد پشتیوانی لێ دەکا کەم و کوریەکی گەورەیە کە پێشی رەخنە بگرێ و ئەندامی حیزب بە تاوانی بیری جیاواز سزا بدا .

ئێستا لە حیزبی دیموکرات دا هەر کەس رەخنە بگرێ دەلێن دژی حیزبە و زەمانی شەرە و ئەگەر ئەوانە دەرنەکرێن حیزب ( اقداماتی انقلابی ) لە دەست دەدا . !

پێشمەرگە و ئەندامی حیزب پاسداری بەگریگیراو نین . ئەوان دەبێ بزانن بۆ شەر دەکەن؟ . وە دوای چی کەوتوون؟ . دەبێ موناقەشە بکەن لە سیاسەت ئاگادار بن بە لێزانی و وریایی دیفاع لە حیزب بکەن . گوێ لە مستی و ئیتاعەتی کوێر کوێرانەی پێشمەرگە و ئەندامی حیزب رەنگە بۆ سەر کردەکان باش بێ، بەلام بۆ جولانەوەی رزگاریخوازی کورد قازانج نیە .

بێجگە لەوانە لە راپورتە کە دا هاتوە کە دووکەسیش بە تاوانی جاسوسی لە حیزب دەرکراون . جاسوسی بۆ بیگانە دژی حیزب و میللەت تاوانێکی گەلێک گەورەیە . بۆ لێ خۆشبوون نابێ . ئەوکەسەی بە جاسوسی تاوانبار دەکری پێویستە ناوی بلاو-

بکرێته وه به خه لك بناسینرێ ، ریسوا بکرێ، ده بێ بگوترێ بۆ کام ده وله ت و کام دوژمن جاسوسی کردوه، کام ره مز و نهێنی حیزبی دیموکراتی ئاشکرا کردوه ، کام زیانی به جولانه وه ی رزگاریخوازی گه یاندوه، له کام ئورگانی حیزبی دا بووه که ده ستی گه یشت بێته نهێنیه کانی حیزب ( ئه گەر هه بووبێ ) ئاشکرای کردون ؟ . زاراوی جاسوسی پێوه ندی به زه مانی شەره وه هه یه . جاسوس نه خشه ی شەر و خه به ر و ژماره ی سەرباز وچه ك وچۆل ده دا به دوژمن و نه خشه و ره مزی نهێنی بۆ دوژمن ده نێری . تاوانبار کردنی ئه ندامی حیزب به جاسوسی به بێ سه نه د و به لگه و به درۆ بێجگه له سوك بوونی رێبه ری حیزب و نه مانی ئیعتباری له نێو کومه لانی خه لك قازانجیکی دیکه ی نیه و زامی که سیش ده رمان ناکات .

له نێو کورده که دا به گشتی له بەرچاونه گرتن و روون نه کردنه وه ی تاوان و سزا دان باوه و شتیکی سه یر نیه . بوختان وتاوان وه پالدانی جاسوسی بۆ ئه و که سانه ی وازیان له ویژدان وله راستی هێناوه کاریکی سوك و هاسانه . به تایبه ت له نێو حیزبی دیموکراتی ئیران دا رابردوویه کی ناحه ز و پیسی هه یه . وه ك میژوو له م حیزبه دا تیکرار ببێته وه وایه . ئه حمه د توفیق کادری تیکوشەری حیزب ئه سعه دی خودا یاری ده کوژێ به و تاوانه که هاتوو چۆی عیراق ده کا و گویا جاسوسه . سالی ١٩٥٩ له سوله یمانی له مه قه ری په نابه ره سیاسیه کان دوکتور قاسملو ده وره ده ده ن که به تاوانی جاسوسی بیگرن و موحاکه مه ی بکه ن . ئه گەر براده رانی حیزبی کومونیستی عیراق له فریای نه که وتبان ئێستا که س نه ده بوو له کوردستان بۆ " دیموکراسی و پلورالیزم " خه بات بکا .

بیست سال له مه وبه ر حیزبی دیموکراتی کوردستان به سه روکایه تی سه ید عه ولای ئیسحاقی ( ئه حمه د توفیق ) کونگره ی دووده به ستێ . له به شی سیاسی دا پێشه وا قازی محه مه د و رێبه رانی کوماری دیموکرات په لامار ده دا و له به شی ته- شکیلاتی دا موخالیفه کانی خوێ به ناوی "جاسوس و خاین و دزی حیزب" له حیزب ده رده کا و ناویان بلاو ده کاته وه . له ماوه ی ئه م بیست ساله دا که تیکوشانی حیزب تا راده یه ك وتبوه سه ر رێبازیکی ئوسولی وا بیر ده کراوه که ئیتر ئه م شێوه کاره ناحه ز و بێ ئه خلاقیه دووپات نا کرێته وه . به لام وا دیاره نا کوکی بیرو باوه ری سیا- سی که بوغز وغه ره زی شه خسی تیکه ل کرا گه لیك له وه ره شتر و گلاوتره که مروف رابردووی له بیر بمێنی و داهاتووش له بەرچاو بگرێ .

پاش بیست سال جاریکی تر حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران بە سەروکایەتی دوکتور قاسملو کونگرەی شەشەمی بەستێ . لە باری شوێن و جێگا و سنوور بەدەریەوە، کونگرەکان فەرقیان نەبوە . کونگرەی شەشەم لە بەشی سیاسی دا ڕێبازی "سوسیال دیموکراسی" بە سەر حیزب دا دەسەپێنی وسوسیالیزمی مەوجود پەلامار دەداو سوسیالیزم لە بەرنامەی حیزب رەش دەکاتەوە و سوسیالیزمی خەیالیی بە خەلك وەعدە دەدا . لە بەشی تەشکیلاتیش دا پاش کونگرە هێندی ئەندامی تیکوشەری حیزب بە تاوانی پڕوپوچ و بوختانی ناجوامیرانە لە حیزب دەردەکا . فەرقەکەیان لە گەل کردەوەی ئەحمەد توفیق ئەوەندەیە کە دەرکراوەکانی کونگرەی دووەم ناویان لە بریاری کونگرە دا هاتوە و بە بریاری کونگرە دەرکراون . بەلام لە کونگرەی شەشەم دا ڕێبەرایەتی چونکە بڕوای بە بیر و قسەی خوی نە بوە، ناوی ئەم جاسوس و خائینانەی نە هێناوە و پاش کونگرە کومیتەی "تصفیە" لە سێ کەسی "ناسراو" پێك هێناوە و حیزبی "تصفیە" کردوە و فەرمانی رەجەوی بە جێ گەیاندوە .

بێگومان ئەم شیوە دیکتاتوری و لەخو بایی بوونە لەم قوناخە ناسکەی جولانەوەدا ناتوانی خزمەت بە خەباتی خوێناوی گەلی کورد بکات . ئەمڕو نەتەوەکەمان لە گەل دوژمنیکی بێ ڕەزا و دڕندە و شوڤینیست بەرەوروو بوە . حیزبی دیموکرات ناتوانی لە کادر و ئەندام و پێشمەرگەی تیکوشەر بێ نیاز بێ . تیکوشەرانی کورد کە بڕوایان بە رزگاری نەتەوەکەیان و بە ڕێبازی سوسیالیزمی عیلمی و بە دوستایەتی لە گەل ولاتانی سوسیالیستی و لە پیش هەموان دا بە یەکیتی سوویتی هەیە لە هەموو هەل و مەرجیك دا بە فیداکاری بوو سەرکەوتنی جولانەوەی رزگاریخوازی کورد، بووە دەستهێنانی مافی چارەنوس خەباتی خوێیان دریژە پێ دەدەن . ئەوانەی دەیانەوی جولانەوەی کورد لە بیر و باوەری سوسیالیستی پاك کەنەوە ولە ولاتانی سوسیالیستی وەدووری بخەن و بە هیوای "لە بیر نەچوونەوەی جیهانی ئازاد" تووشی کوێرەری و بەرەدەلانی بکەن بە هەلەدا چوون و خزمەت بە خەباتی گەلی کورد ناکەن .

ریبەندانی ١٣٦٣ - ژانویەی ١٩٨٥